**سەندیکای ژمێریاران و وردبینان**
**ژمارە: ٤٦١٠ لە ٢٠١٩/٦/٢٠**

پاڵپشت بە هاتوو لە ئەحکامی یاسای سەندیکای ژمێریاران و وردبینان/ هەرێمی کوردستان ژمارە (١٨) ی ساڵی (٢٠٠٠) وە ڕەزامەندی ئەنجومەنی سەندیکا لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤) لە بەرواری (٢٠١٩/٥/٥) بریارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**
**تایبەت بە دامەزراندنی کۆمپانیای ووردبینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

١- بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی ئەنجام دانی کاری پیشەیی (إجازة ممارسة المهنة) داواکار پێویستە بە هاوپێچ ئەو بەڵگەنامانە پێش کەش بکات کە مەرجەکانی یاسایی تێدا دیاری کراوە بۆ لێژنەی پێدانی مۆڵەتی ئەنجامدانی کاری پیشەیی - بۆ کۆمپانیای وردبینی - سەندیکای ژمێریاران و وردبینان .

٢- مۆلەتی ئەنجامدانی کاری پیشەیی دەدرێت بۆ کۆمپانیاکانی هاوئەرك و سنوردار (التضامنية و المحدودة) بە مەرجێك گشت ئەندامەکانی دامەزرێنەر شیاو بن بۆ ئەنجام دانی کاری پیشەیی بەپێی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ی ساڵی (١٩٩٧) وە هەموار کراو.

٣- لێژنەی تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بانگهێشتی خاوەن داواکاری دەکات بۆ ئامادەبوون لە لێژنە بۆ پێدانی ڕوونکردنەوەی پێویست بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ڕاسپاردەکانی بۆ ئەنجومەنی سەندیکا لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ (لە بەرواری چاوپێکەوتن) تا پەسند بکرێت.

٤- سەندیکای ژمێریاران و وردبینان تاکە لایەنی پسپۆری پەیوەنداره (الجهة القطاعية المختصة) بە پێدانی مۆلەتی دامەزراندنی کۆمپانیاکان بەپێ ڕێنماییەکانی پەیوەست بە جێ بەجێ کردنی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی (١٩٩٧)ی هەموار کراو .

٥- ووردبین کردنی ژمێریاری کۆمپانیاکانی ووردبینی لە لایەن کۆمپانیایەکی تر ووردبینی دەکرێت (نابێت ئاڵوگۆڕی ئەم خزمەتگوزاریە لە نێوان دوو کۆمپانیا بکرێت) یان لە لایەن چاودێری ژمێریاری لە پلەی یەك بێت .

٦- نابێت ژمێرکاری یاسایی (چاودێری ژمێریاری) لە یەك کۆمپانیا زیاتر پشك دار یان ئەندام (مساهماً او عضواً) بێت لە ناوخۆی عێراق لەگەڵ ڕەچاوکردنی بوونی مەرجەکانی نیشینگەیی لە هەرێم .

٧- بەرپرسیاریەتی راپۆرتی چاودێری ژمێریاری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو هاوبەشەی کە واژووی لەسەر ڕاپۆرتی چاودێری ژمێریاری کردوە تایبەت بە تەرازووی (میزانية) ساڵی ووردبین کراو.

٨- ڕێکخستنی کاری چاودێری ژمێریاری (پۆلینی یەك و دوو ) وە کارەکانی کۆمپانیاکانی ووردبینی (التضامنية و المحدودة) وە سەرپەرشتی کردن و پێدانی دەسەڵاتی ووردبینی لە لایەن کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی بەهەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای ژمێریاران و وردبینان دەبێت .

٩- ڕێگە بەهیچ کۆمپانیایەکی ووردبینی (یان لقەکانی) نادرێت بەکارکردن لە هەرێم ئەگەر مۆڵەتی کارکردنی نەبێت لە لایەن سەندیکای ژمێریاران و وردبینانی هەرێمی کوردستان.

١٠-بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی ئەم ڕێنمایە لیژنەی بەخشینی مۆڵەتی کارکردن بۆی هەیە سوود وەربگرێت لە سیستەمی ئەنجام دانی کاری پیشەیی (نظام ممارسة المهنة) وە هەموارەکانی بە تایبەت بۆ ئەو بڕگانەی کە نەهاتووە لەم ڕێنماییە.

١١- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**ئەنجومەنی**
**سەندیکای ژمێریاران و وردبینانی**
**هەرێمی کوردستان**